# وەقایعی کوردستان

**ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد هەفتانە دەری دەکات**

ژمارە (١٠٢) چاپی یەکەم | سالی نۆیەم | ٢٠٠٩/٧/١٣م | ٢٢/پوشپەڕ/٢٧٠٩ کوردی | ١٥/رەجەب/١٤٣٠/کۆچی


**102**

## لەم ژمارەیەدا:


❁ **یاسای ژمارە (٤) ی سالی ٢٠٠٩** ........................ ل ١

یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق.

❁ **یاسای ژمارە (٧) ی سالی ٢٠٠٩** ........................ ل ١٢

یاسای پەیمانگەی دادوەری هەرێمی کوردستان – عێراق.

❁ **یاسای ژمارە (٨) ی سالی ٢٠٠٩** ........................ ل ١٩

یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق بۆ سالی ٢٠٠٩

❁ **یاسای ژمارە (٩) ی سالی ٢٠٠٩** ........................ ل ٢٤

یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای پەسندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان ژمارە (١٦)ی سالی ٢٠٠٨ .

❁ **بڕیاری ژمارە (٧)ی سالی ٢٠٠٩** ........................ ل ٢٦

تەرخان کردن و خەرج کردنی بڕی (٢٥٠,٠٠٠) هەزار دۆلاری ئەمریکی لە بودجەی پەرلەمانی کوردستان بۆ دروست کردنی باخچەیەک لە شاری هەڵەبجە بە ناوی (پارکی پەرلەمان) .

❁ **بەیانی ژمارە (٢) ی سالی ٢٠٠٩/ ئەنجومەنی دادوەری** ........................ ل ٢٧

دەست پێکردنی پشووی دادگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/١٥.

**بەیانی ژمارە (٤)ی سالی ٢٠٠٩ / وەزارەتی شارەوانی** ........................

گۆڕینی پلەی شارەوانی ڕاپەڕین لە پلەی (٤) بۆ پلەی (٢).



ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی عەنکاوە باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎ (٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٧٥٠٤٧٣٦٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com



نرخی ٧٥٠ دینارە

Waqaei Kurdistan

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعياً من قبل وزارة العدل

العدد (١٠٢) الطبعة الاولى السنةالتاسعة ٢٠٠٩/٧/١٣م ٢٢/پوشپەڕ/٢٧٠٩ كوردية ١٥/رجب/١٤٣٠هـ

في هذا العدد:


❁ قانون رقم ( ٤ ) لسنة ٢٠٠٩............................................ ص ٣٠

قانون انتخاب مجالس المحافظات و الاقضية و النواحي في اقليم كوردستان ـ العراق

❁ قانون رقم ( ٧ ) لسنة ٢٠٠٩............................................ ص ٣٩

قانون المعهد القضائي في اقليم كوردستان- العراق.

❁ قانون رقم ( ٨ ) لسنة ٢٠٠٩............................................ ص ٤٦

قانون موازنة اقليم كوردستان ـ العراق لسنة ٢٠٠٩

❁ قانون رقم ( ٩ ) لسنة ٢٠٠٩............................................ ص ٥٠

قانون التعديل الاول لقانون إقرار دستور إقليم كوردستان- العراق رقم (١٦) لسنة ٢٠٠٨.

❁ قرار رقم (٧)لسنة ٢٠٠٩............................................ ص ٥٢

تخصيص و صرف مبلغ قدره (٢٥٠,٠٠٠) دولار امريكي من ميزانية برلمان كوردستان لانشاء متنزه في مدينة حلبجة باسم ( بارك البرلمان ) .

فهرست المواضيع باللغة الكوردية.............................................

❁ بيـان رقم ( ٢ ) لسنة ٢٠٠٩ / مجلس قضاء............................................ ص ١١

خـاص بعطلة المحـاكم في إقليم كوردسـتان- العـراق ، إبتداً من ٢٠٠٩/٧/١٥ و لمدة ( ٣٠ ) يوماً.


No.:102 Date : *July* ,13, 2009 Vol. : 9

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

السعر ٧٥٠ دينار

العنوان : اربيل- تقاطع عينكاوه- بناية وزارة العدل.

☎ ( ٢٢٤٥٥١٤- ٢٢٣١٨٤٢- ٠٧٥٠٤٢٣١٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە

بڕیار

ژمارە ( ١٨ ) ساڵی ٢٠٠٩

یاسای ژمارە ( ٤ ) ی ساڵی ٢٠٠٩
یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان
لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق

بە پێی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٠) لە ٢٠٠٩/٦/٢٢ و دوای بە هەند وەرگرتنی پێشنیارەکەمان کە لە بڕیاری ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٦/٢ ماندا هاتبو بڕیارماندا بە دەرکردنی:

# یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٩
# یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان
# لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق

## بەشی یەکەم
### پێناسە و ئامانجەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان . عیراق

دووەم: دەستە: دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە کوردستان دا.

سێیەم: ئەنجومەنەکان: ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و ئەنجومەنە خۆجێیەکانی قەزا و ناحیەکان.

چوارەم: بازنەی هەڵبژاردن: هەموو ناوچەیەکی دیاری کراو کە ژمارەیەك کورسیان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ تەرخان کراوە.

پێنجەم: مەڵبەندی هەڵبژاردن: ئەو شوێنەیە کە دەستە لە ناو بازنەی هەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی دەنگدان تێیدا دەست نیشانی دەکات.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

**ماددەی دووەم:**

كۆمــسيۆنی بــالآی ســەربەخۆ بــۆ هەڵبژاردنــەكان سەپەرشــتی هــەموو قۆنــاغ و ڕێكارەكــانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكان لە هەرێم دا دەكات تاوەكو ئەو كاتەی دەستەكە دادەمەزرێت.

## بەشی دووەم

### مافی هەڵبژاردن

**ماددەی سێیەم:**

مەرجە دەنگدەر ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی.

یەكەم: بە ڕەگەزنامە عیراقی بێت.

دووەم: شیاوی تەواوی هەبێت.

سێیەم: هەژدە ساڵی لە تەمەنی تەواو كردبێت.

چــوارەم: نــاوی لــە تۆمــاری دەنگــدەرەكانی ئــەو پارێزگايــەی كەهەڵبــژاردنی لێــدەكرێ تۆماركرابێت ، بەپێی حوكمەكانی ئەم ياسايە و ئەو ڕێنماييانەی كە لە دەستەوە دەردەچن.

**ماددەی چوارەم:**

یەكەم: هەڵبژاردن مافی هەموو هاوڵاتيەكە كە ئەو مەرجانەی لێ بێتە دی كە دەقيان لەم ياسايەدا هاتووە.

دووەم: هەر دەنگدەرێك مافی خۆی لە دەنگدان بە شێوەيەكی ئازادانە و ڕاستەوخۆ و بە نهێنی و بە تاكەكەسی بەكار دەهێنێ.

سێیەم: دەنگدان لە ڕێگەی بريكارەوە نابێت.

چوارەم: دەنگدەر يەك دەنگی هەيە لە يەك هەڵبژاردن دا و نابێت زياتر لە جارێك دەنگ بدات.

## بەشی سێیەم

### مافی خۆ پاڵاوتن

**ماددەی پێنجەم:**

یەكەم: ئەوەی خۆی بۆ ئەنداميەتی ئەنجومەنەكان دەپاڵێوێت دەبێت ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی.

١- دەبێت عيراقی بێت و شياويی تەواوی هەبێت و تەمەنی گەيشتبێتە ٢٥ ساڵ لە كاتی خۆ پاڵاوتنی دا.

٢- دەبێت پاڵێوراوانی ئەنجومەنەكانی پارێزگاكان و ئەنجومەنەكانی قەزاكان بەلايەنی كەم بڕوانامەی ئامادەيی يان هاوتاكەيان هەبێ و پاڵێوراوانی ئەنجومەنە خۆجێيەكانی ناحيەكانيش بڕوانامەی بنەڕەتی يان هاوتاكەيان هەبێ.

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

٣- دەبێت ژیاننامە و ناوبانگ و ڕەوشتی باش بن و بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرا بێت.
٤- دەبێ لە ڕۆڵەکانی یەکە کارگێریەکە بێت بە پێی تۆماری باری شارستانی یان بە شێوەیەکی بەردەوام لێی نیشتەجێ بێت بۆ ماوەیەك لە ١٠ ساڵ کەمتر نەبێت، بەمەرجێ نیشتەجێ بوونەکەشی بۆ مەبەستی گۆڕینی دیموٚگرافی نەبێت.
٥- نابێت لەکاتی خۆپاڵاوتنیدا لە کەسەکانی هێزی چەکدار یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت.
٦- نابێت بەشداری لەو تاوانانەدا کردبێت کە ڕژێمی بەعس نەخشەی بۆ کێشابێت یا جێبەجێی کردبێت.

دووەم: پاڵێوراوەکان لەلایەن دەستەوە پەسند دەکرێن.

**ماددەی شەشەم:**

سیستەمی لیستی داخراو بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان پیادە دەکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

یەکەم: نابێ ژمارەی پاڵێوراوانی لیستێك لە سێ کەمتر بێت و لە ژمارەی ئەو کورسیانەش زیاتر نەبێ کە بۆ بازنەی هەڵبژاردن تەرخانکراوە.

دووەم: لیستی پاڵێوراوەکان بەجۆرێك ڕێك دەخرێ کە ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە ٣٠٪ ئەندامان کەمتر نەبێ.

**ماددەی هەشتەم:**

یەکەم: دابەشکردنی کورسیە تەرخانکراوەکان بۆبازنەکانی هەڵبژاردن لە ڕێگەی سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییەوە دەبێت.

دووەم: ئەو کورسیانەی کە لیستێك دەیانباتەوە بەسەر پاڵێوراوەکان دا دابەش دەکرێ بەگوێرەی ئەو ناوانەی تیایدا هاتووە و نابێت هیچ کیانێك کورسی تەرخان کراو بۆ پاڵێوراوی سەرکەتوو لەهەر کاتێك دا بێت بکێشێتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

یەکەم: ژمارەی دەنگە ڕاستەکان لە بازنەی هەڵبژاردن بەسەر ئەو کورسیانەدا دابەش دەکرێن کە بۆ ئەو بازنەیە تەرخانکراون بۆ چنگ کەوتنی دابەشکاری هەڵبژاردن.

دووەم: دەنگە ڕاستەکانی کە لیستەکە لە بازنەی هەڵبژاردن چنگی کەوتوون کۆ دەکرێنەوەو دابەشی دابەشکاری هەڵبژاردن دەکرێت بۆ دەستنیشان کردنی ژمارەی ئەو کورسییانەی کە بۆ ئەو لیستە تەرخانکراوە.

سێیەم: ئەو کورسیانەی دەمێننەوە بە پێی مایەوەی بەهێزتر دابەش دەکرێن بە ڕێژەی ئەو کورسیانەی کە چنگی کەوتوون

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**ماددەی دەیەم:**

یەکەم: ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن بەهەر هۆیەك كورسیەكەی لە دەستدا ئەوا پالێوراوی دوای ئەو لە لیستەكە بە پێی ئەو زنجیرەی تێدا هاتووە جێی دەگرێتەوە، ئەمەش بۆ لیستە ناهاوپەیمانەكانە.

دووەم: ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن بەهەر هۆیەك كورسیەكەی لەدەستدا و لەناو لیستی هاوپەیماندا بوو، ئەوا پالێوراوی دوای ئەو لەهەمان كیانی سیاسی هاوپەیمان لەناو لیستی هەڵبژاردنی هاوپەیماندا جێی دەگرێتەوە.

سێیەم: ئەگەر كورسییە بەتاڵەكە تایبەت بە لیستێك بوو و پالێوراوی نەمابوو، ئەوا ئەو كورسیە بۆ پالێوراوێكی تر لە كیانێكی سیاسی دیكە تەرخان دەكرێ كە رادەی نزمی لە دەنگەكانی پێویست بۆ وەدەست هێنانی كورسی بەدەست هێنابێ و بە پێچەوانەی ئەمەش كورسیەكەی بە بەتاڵی دەمێنێتەوە.

چوارەم: ئەگەر كورسییە بەتاڵەكە و تایبەت بوو بە ئافرەت، مەرج نییە ئافرەتێكی تر جێی بگرێتەوە، مەگەر ئەمە كاربكاتە سەر رێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت.

## بەشی چوارەم
## بازنەكانی هەڵبژاردن

**ماددەی یازدەم:**

هەر دەنگدەرێك مافی هەڵبژاردنی خۆی بە خۆی لەو بازنەی هەڵبژاردنەدا پیادە دەكات كە ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار كراوە.

**ماددەی دوازدەم:**

یەكەم: هەر پارێزگایەك بە پێی سنووری كارگێڕیی فەرمی خۆی دەبێتە بازنەیەكی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی پارێزگاكاندا.

دووەم: هەر قەزاو ناحیەیەك بە پێی سنووری كارگێریی، فەرمی خۆی دەبێتە بازنەیەكی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنە خۆجێییەكانی قەزاو ناحیەكاندا.

## بەشی پێنجەم
## ریكلامی هەڵبژاردن

**ماددەی سێزدەم:**

رێكلامی هەڵبژاردن لە هەموو رەسمێك دەبووردرێ.

**ماددەی چواردەم:**

یەكەم: دەستە ئەو شوێنانە دەستنیشان دەكات كە نابێ ریكلامی هەڵبژاردنی و هەڵواسی جارنامەی هەڵبژاردنی تێدا بكرێ بە درێژیی ئەو ماوەیەی كە رێ بە ریكلامی

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

هەڵبــژاردن دەدرێ و بلاْوکردنــەوەی هــەر راگەیانــدنێك یــا بەرنامەیــەك یــان وێنــەی پاڵێوراوەكان لە مەڵبەندەكانی دەنگدان قەدەغەیە.

دووەم: پێویستە لەسەر کیانە سیاسیە بەشداربووەكان لە هەڵبژاردنەكاندا دا هەڵواسراوی ریكلامی هەڵبژاردن هەڵگرن ئەمەش بە پێی ئەو رێنماییانە دەبێت كەدەستە دەری دەچوێنێ.

**ماددەی پازدەم:**

بەکارهێنانی ئەو تەلارانەی کە وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی هەرێم و هەموو شوێنەکانی کارو وفرمان بۆ کارکردنی حیزبی و ریکلامی هەڵبژاردن قەدەغە دەکرێ.

**ماددەی شازدەم:**

نابێ فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی هەرێم و دەستەڵاتە خۆجێییەکان دەستەڵاتی فەرمانبەریەتییان یاخود دەرامەتی هەرێم یان هۆیەکانی یاخود دەزگاکانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان یان بۆ هەر پاڵێوراوێك بەکاربێنن ، بە دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ و سەربازیشەوە بۆ مەبەستی ریکلامی هەڵبژاردن یان کارتێکردن لە دەنگدەرەکان.

**ماددەی حەڤدەم:**

یەکەم: نابێ هیچ پاڵێوراوێك لە رۆژی دەنگداندا بەرنامەی کاریاخود بلاْوکراوە یان پلیت یان غەیری ئەمانە لە بەڵگەنامە بەخۆی یان بە هۆی غەیری خۆی بلاْو بکاتەوە.

دووەم: نابێ هیچ کارمەندێك لە فەرمانگەکانی هەرێم یاخود ئەندامانی دەستەڵاتە خۆجێییەکان، لە رۆژی دەنگدان دا بەرنامەی کار بە خۆی یان بە هۆی غەیری خۆی بلاْو بکاتەوە.

سێیەم: نابێ جاڕنامە یان دابەش کردنی بەرنامەی کار یان بلاْوکراوە یان پلیت بەناوی پاڵێوراوێك بلاْوبکرێتەوە کە لەکەشفی پاڵێوراوەکان تۆمار نەکرابێ.

**ماددەی هەژدەم:**

پاڵێوراوان لەهەر رێکلامێکی هەڵبژاردن قەدەغە دەکرێن کە دەنگدەر هەڵبخەڵەتێنێ یان فێڵی لێ شێوازی بریندارکردن یان ناوزڕاندن لە رێکلامی هەڵبژاردندا بەکار بهێنێ.

**ماددەی نۆزدەم:**

خەرج کردنی پارە بۆ ریکلامی هەڵبژاردن لەماڵی گشتی یان لە بودجەی وەزارەتەکان یان ماڵی وەقف یان ماڵی پشتگیریی دەرەکی قەدەغەیە.

**ماددەی بیستەم:**

یەکەم: بەکارهێنانی هەر شێوەیەك لەشێوەکانی پاڵەپەستۆ یان ترساندن یان بەکافردانان یاخود بەخائین دانان یان پیشاندانی شتی هەڵخەڵەتێن یان پێدانی دەسکەوتی ماددی یان مەعنەوی یان بەڵێن پێدان لەلایەن هەر حزب یان کۆمەڵ یان ڕێکخستن یان کیان یان کەسەکان، یان هەر لایەنێکی تر قەدەغە دەکرێت.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

دووەم: هەر حزبێك یان کیانێکی سیاسی کە میلیشیای چەکداری هەبێت، لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا بێبەش دەکرێت.

سێیەم: هەر کیانێکی سیاسی بێبەش دەکرێت لەبەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان و حسێب کردنی دەنگەکان لەبارێکدا ئەگەر بەهێز یان بەهەڕەشە ناوچەیەکی هەڵبژاردن بۆ بەرژەوەندی خۆی یان لەدژی غەیری خۆی دابخات.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

ریکلامی هەڵبژاردن بەهەموو شێوەیەکیەوە پێش چلو هەشت کاتژمێر لەوادەی کردنەوەی دەرگای دەنگدان قەدەغە دەکرێ.

## بەشی شەشەم

## تاوانەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی بیست و دووەم:**

هەر کەسێکی بەیاننامەیەك یان وێنە یاخود بڵاوکراوەی هەڵبژاردنی تایبەت لەدەرەوەی ئەو شوێنانەی بۆی تەرخان کراوە هەڵواسێت بۆ ماوەیەك بەند بکرێت، کەلەمانگێك زیاتر نەبێت.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

ئەوەی سەرپێچی حوکمی ماددەکانی (١٥. ١٦. ١٧. ١٨- ١٩- ٢١) ی ئەم یاسایە بکات بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کە لەمانگێك کەمتر نەبێ و لەشەش مانگیش زیاتر نەبێ و غەرامەیەکیشی لێ وەردەگیرێ کەلەیەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لەپێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێ.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

هەر کەسێك ئەمانەی خوارەوەی ئەنجامدا بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کە لەشەش مانگ کەمتر نەبێ و غەرامەیەکیشی لێ وەردەگیرێ کە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێ:

یەکەم: بە ئەنقەست ناوێك یان ناوەکان یان سیفەتی قەڵب لە خشتەی دەنگدەرەکان دابنێت یاخود بەئەنقەست ناوێك بەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دابنێت.

دووەم: هەر کەسێك ناوی خۆی یان ناوی غەیری خۆی بەبێ بوونی مەرجی پێویستی یاسایی تۆمار کرد و دەرکەوت کە بەمە دەزانێ و هەر کەسێکیش ناوێکی تری دانەنا یاخود لایبدات.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

سێیەم: لە هەڵبژاردندا دەنگی خۆی داو دەشیزانی ناوی لە تۆماری هەڵبژاردنەکاندا بەنایاسایی نووسراوە، یاخود مەرجە یاساییە پێویستەکانی لەبەکارهێنانی مافی خۆی لە هەڵبژاردندا لەدەست داوە.

چوارەم: بەئەنقەست دەنگی بەناوی غەیری خۆی دا.

پێنجەم: نهێنی دەنگدانی دەنگدەرێکی بەبێ ڕەزامەندیی خۆی بڵاو کردەوە.

شەشەم: ماف خۆی لە هەڵبژاردنێك بۆ زیاتر لە جارێك بەکارهێنا.

حەوتەم: ویستی دەنگدەری نەخوێندەواری گۆڕی و ناوێکی نووسی یان ئیشارەتی لەسەر ئەو ڕەمزە دانا کەمەبەستی دەنگدەر نییە یاخود کۆسپی خستە پێش هەر دەنگەرێك بۆ ئەوەی ماف هەڵبژاردنەکەی بەکارنەهێنێ.

هەشتەم: خۆی لەزیاتر لەبازنەیەکی هەڵبژاردندا یان لیستێکی هەڵبژاردندا پاڵاوت.

نۆیەم: لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا گزی (تەزویر)ی کرد.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

هەرکەسێك ئەمانەی خوارەوە بکات بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کەلەمانگێك کەمتر نەبێ و لەساڵێکیش زیاتر نەبێ:

یەکەم: بەئەنقەست دەست درێژی بۆ سەر وێنەی پاڵێوراوەکان، یان بۆ سەر بەرنامەکانیان بکات کە لەشوێنی تایبەیدا هەڵواسراون.

دووەم: خۆ کێشانەوەی پاڵێوراوێك یان زیاتری لە پرۆسەی هەڵبژاردن ڕاگەیاند و دەشیزانی ئەو کارە ڕاست نیە، ئەمەش بەمەبەستی کارتێکردن بێ لەسەر دەنگدەرەکان یاخود گۆڕینی دەنگەکانی پاڵێوراو بۆ خۆی.

سێیەم: دەست درێژی کردنە سەر هۆیەکانی ریکلامی هەڵبژاردنی کەبەپێی یاسا ڕێیان پێدراوە بە هەر هۆیەك جا بە کوژاندنەوە یان دڕاندن یان غەیری ئەمانە بێ یاخود هەر ڕەفتارێکی لەم جۆرە بێت.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کە لەساڵێك کەمتر نەبێ هەر کەسێك ئەمانەی کرد:

یەکەم: هێز یان هەڕەشەی بەکارهێنا بۆ نەهێشتنی دەنگدەر لەبەکار هێنانی ماف خۆی یان وای لێ بکات بەجۆرێکی دیاریکراو دەنگ بدات یان ڕێگە لەدەنگدانی بگرێ.

دووەم: گەر شتێکیدا یان خستیەڕوو یان بەڵێنی دا سوودێك بە دەنگدەر یان غەیری ئەو بدات تاکو بەجۆرێکی دیاریکراو دەنگ بدات یاخود وا بکات دەنگ نەدات.

سێیەم: گەر رازبوو یاخود داوای سوودێکی کرد بۆ خۆی یان غەیری خۆی لەو کەسانەی کە خزمەتێکی گشتییان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا پێ سپێردراوە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

چـوارەم: گـەر هـەواڵی ناڕاسـتی لـە نێـو دەنگدەرەکانـدا لـەبارەی ڕەوشـتی یـەکێك لـە پاڵێوراوەکـان یـان لـەبارەی ناوبانگییـەوە بەمەبەسـتی کـارتێکردن لـە ڕای دەنگدەرەکان لەئەنجامی هەڵبژاردندا بڵاوکردەوە یا پەخش کرد.

پێنجـەم: بەچـەکەوە یـان بـەئامێرێکی بریندارکـەر چـووە نـاو ئـەو بارەگایـەی کـە بـۆ هەڵبژاردنەکان تەرخان کراوە بەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

شەشـەم: جنێـوی دا یـان تۆمـەتی هەڵبەسـت یـان دەسـت درێـژی کـردە سـەر لیژنـەی هەڵبژاردنەکان یاخود یەکێك لە ئەندامانی لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

حەوتـەم: تێکـدانی سـندوقەکانی دەنگـدان یـاخود خـشتەکانی هەڵبـژاردن یـاخود هـەر بەڵگەنامەیەکی پەیوەندیدار بە پرۆسەی هەڵبژاردن.

هەشتەم: بەکارهێنانی دروشمەکانی ئایینی یان شوێنەکانی خواپەرستن بۆ مەبەستی کاری حزبی یاخود ریکلامی هەڵبژاردن.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

هـەر کەسـێك ئەمانـە بکـات بـۆ ماوەیـەك بەنـد دەکـرێ کـە لەسـاڵێك کـەمتر نـەبێ و غەرامەیەکیشی لـێ وەردەگیرێ کـە لـە١٠٠,٠٠٠ سـەد هـەزار دینـار کـەمتر نـەبێ و لـە ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێ:

یەکـەم: دەسـتی بەسـەر سـەندووقەکانی دەنگـدان یـان کاغـەزەکانی دەنگـدان یـان تۆماری دەنگدەراندا گـرت یـان شـاردییەوە یـان لـەناوی بـرد یـان تێکیـدان یان دزینی.

دووەم: لـەڕێگای بـەکارهێنانی هێـز یـاخود هەڕەشـەوە پابەنـدی ئـازادی هەڵبـژاردن یان سیستەمەکەی نەبوو.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

دەسـتدانە تاوانـەکانی هەڵبـژاردنی کـە دەقیـان لـەم یاسـایەدا هـاتووە بـە سـزای تـاوانی تەواو دادەنرێ، ئەمەش بەدەرە لە حوکمەکانی بنەما گشتیەکان.

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

یەکـەم: لـە بارێکدا کـە بەشـداریی کردنـی کیـانی سیاسـی لـە هەسـتان بـە هـەر تاوانێك لـە تاوانـەکانی هەڵبـژاردن کـە دەقـی لـەم یاسـایەدا هـاتووە ئیـسپات بـوو ، ئـەوا غەرامەیەکی لێ وەردەگیری کە ٥٠٠٠٠٠٠٠ پەنجا ملیۆن دینارە.

دووەم: کیانی سیاسی بێ بەش دەکرێ لەو دەنگانەی کە بە دەستی هێناوە لە مەڵبەنـدی هەڵبژاردنەکە لە بارێکدا ئەگەر یەکێك لـە تاوانـەکانی هەڵبژاردنی ئـەنجام دا کـە دەقی لە بەندەکانی (یەکەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتـەم، هەشـتەم)ی مـاددەی(٢٦) و ماددەی (٢٧)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

سێیەم: هەر کەسێك سەرپێچی لە حوکمی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٢٠)ی ئەم یاسایەدا کـرد، ئـەوا بەنـد دەکرێـت و بـە غەرامەیەکیـشی لـێ وەردەگـیرێ کەلـە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیـۆن دینـار کـەمتر نـەبێت و لـە (٢٥٠٠٠,٠٠٠) بیـست و پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت.

## بەشی حەوتەم

### حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی ســــــی:**

یەکـەم: کەسـەکان و کیانـە زیـان لێکـەوتووەکان لەئـەنجامی بڕیارەکـانی دەسـتە بۆیـان هەیـە لەماوەی سێ ڕۆژ لەمێژووی دەرچوونییەوە تانووتی بدەن.

دووەم: دەسـتە سـەیری ئـەم ناکۆکییانـە و ڕەخنانـە دەکـات لـەماوەی ئامـادەکردن و جێبـەجێ کردنی ڕێکارەکانی هەڵبژاردندا روویان داوە.

سێیەم: دەستەیەك لەدادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق کە لەسێ دادوەری نا موتەفەریغ پێکدی سەیری ئەو تانووتانە دەکەن کە لەلایەن دەستە یان کەسەکان یان کیانــە زیــان لێکەوتووەکانــەوە لــە ئــەنجامی بریــاری دەســتەوە بۆیــان هــاتووە و بریارەکانیشی یەکلاکەرەوەیە.

**ماددەی سی و یەکەم:**

یەکـەم: ڕۆژی هەڵبژاردنـەکان بـە بڕیـارێکی ئەنجومـەنی وەزیـران لەسـەر پێـشنیازێك لـە دەستەوە دەست نیشان دەکرێت لە ڕێگەی هۆیە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنەوە بەر لەوادەی ئەنجامدانی بە (٦٠) شەست ڕۆژ ڕادەگەیەنرێ.

دووەم: دەنگدان بۆ ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان لە یەك ڕۆژدا دەبێت.

سێیەم: لە بارێکدا کە نەتوانرا هەڵبژاردنەکان بکرێن، ئەوا ئەنجومەنەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباریان تاکو ئەنجومەنە نوێیەکان هەڵدەبژێردرێن بەردەوام دەبن.

**ماددەی سی و دووەم:**

پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە)و سوپاو کارمەندانی نەخۆشخانە و بەندیخانـەکان و ئەوانـەی لێیان دابـەزیوون، لـە مەڵبەنـدی دەنگدانی تایبەتی بەڕێوە دەچێ کە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتـە پەیوەندیدارەکان دەسـت نیشانیان دەکـات، بـە مـەرجێك پـێش چل و هەشـت کاتـژمێر لـە وادەی ئەنجامـدانی هەڵبژاردنەکە جێ بەجێ بکرێت.

**ماددەی سی و دووەم (دووبارە):**

یەکـەم: لەئەنجومـەنی پارێزگـای دهـۆك دوو کورسـی تـەرخان دەکرێـت بـۆ کلـدان سـریان ئاشووری و پالێوراوانی خۆیان کێبرکێیی لەسەر دەکەن.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

دووەم: لەئەنجومەنی پارێزگای دهۆك یەك کورسی تەرخان دەکرێت بۆ پێکهاتەی ئەرمەن و پالێوراوانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن.

سێیەم: لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی یەك کورسی تەرخان دەکرێت بۆ کلدان سریان ئاشووری و پالێوراوانی خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

چوارەم: لەئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دوو کورسی بۆ کلدان سریان ئاشووری و سێ کورسی بۆ تورکمان تەرخان دەکرێت و پالێوراوانی پێکهاتەکانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن.

پێنجەم: دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەك پالێوراوانی پێکهاتی خۆیان هەڵدەبژێرن.

**ماددەی سی و سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سی و چوارەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی سی و پێنجەم:**

ئەم یاسایە لەمێژووی بلاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

١٥/ پۆشپەڕ / ٢٧٠٩ ی کوردی

١٣ / رەجەب / ١٤٣٠ ی کۆچی

٦ / تەمموز/ ٢٠٠٩ی زایینی

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

## هۆیە پێویستەكانی دەرچوونی ئەم یاسایە

بە مەبەستی پتەوكردنی رێبازی دیموكراتی لە هەرێمی كوردستان وچەسپاندنی یەكێك لە گرنگترین بنچینەكانی كە ئەویش دەستاودەست كردنی ئاشتیانەی دەسەلاّتەو بە مەبەستی رێگە گرتن لە خەست كردنەوەی دەسەلاّتەكان، لە رێگەی دابەش كردنیان لەسەر بنچینەی نامەركەزی كارگێڕیی، تاكو هاوولاّتی بتوانێ ئازادی خۆی و مافەكانی پیادە بكات و لە پێناوی گەیاندنی خزمەتگوزارییەكان بۆی بەشێوەیەكی باشتر، بۆ فەراهەم كردنی ژیانێكی ئازادانەی شكۆمەندانە بۆی لە رێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە ئازادو پاك و دادپەروەرییەكان بۆ هەموو پارێزگاو قەزاو ناحیەكان، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ١٤ ) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای ژمارە ( ٧ ) ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای پەیمانگەی دادوەری هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

بە پێی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردوویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٥) لە ٢٠٠٩/٥/٢٧ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٠٩
## یاسای پەیمانگەی دادوەری هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی یەکەم:**

لەهەرێمی کوردستان– عێراق پەیمانگەیەك بەناوی (پەیمانگەی دادوەری لەهەرێمی کوردستان– عێراق)دا، دادەمەزرێ و پاوەستی وەزیری داد دەبێت.

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی پەیمانگەکە ئەمانەیە:

یەکەم: ئامادەکردنی دادوەران و ئەندامانی ئیدیعای گشتی.

دووەم: شایاندنی دادوەران و ئەندامانی ئیدیعای گشتی ئەوانە کە لە پلەی سێهەم و چوارەمن و هێشتا لەوەزیفەدان و پارێزەران .

سێیەم: شایاندنی کادیرە یاساییە جۆربەجۆرەکان لە فەرمانبەرانی ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی داد و وەزارەت و دەزگاکانی تری حکومەت و بەرزکردنەوەی کاراییان.

**ماددەی سێیەم:**

یەکەم: ئەنجومەنێك سەرپەرشتیی پەیمانگەکە دەکات پێی دەڵێن: ئەنجومەنی پەیمانگە، لەمانەی خوارەوە پێك دێت.

١– جێگری سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ....... سەرۆکە.

٢– گەورەترین (کۆنترین) دادوەری دادگای پێداچوونەوە ..... جێگرە.

٣– سەرۆکی ئەنجومەنی شوورای هەرێم .... ئەندامە.

٤– سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتکاری دادوەری .... ئەندامە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

٥- سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتکاری دادی .... ئەندامە.

٦- سەرۆکی داواکاری گشتی ( الادعاء العام ) .... ئەندامە.

٧- عەمیدێك لەعەمیدەکانی کۆلیجەکانی یاسا لەهەرێمدا کە وەزیری فێرکردنی بالاّ و توێژینـەوەی زانستی دەست نیشانی دەکا بەپێی راوێـژ لەگەڵ وەزیـری داد.... .........ئەندامە.

٨- بەڕێوەبەری گشتیی پەیمانگەکە بەپێی راوێـژ لەگەڵ وەزیری داد..... ئەندامە و بڕیاردەرە.

٩- نەقیبی پارێزەرانی کوردستان ........... ئەندامە.

دووەم: ئەرکوفەرمانی سەرۆك، لەکاتی پێوارییدا (غیاب) دەکەوێتە سەر شانی جێگرەکەی.

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجومەنی پەیمانگە، لانی کەم مانگی یەك جار کۆدەبێتەوە ، سەرۆکی ئەنجومەن، یان سیان لەئەندامـەکانی بۆیـان هەیـە لـەکاتی پێویـستدا داوای کۆبوونـەوە بکـەن، ئەنجومـەنیش بـە ئامـادەبوونی دوو سـێیەکی ئەندامـەکانی کۆدەبێتـەوە ، بڕیارەکانیـشی بەزۆرینـەی دەنـگ دەردەکـات، ئەگـەر دەنگـەکانیش یەکسان بـوون، ئـەوا ئـەو لایەنـەیان دەیباتـەوە کـە دەنگـی سەرۆکی لەگەڵە.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەنجومەن ئەم ئیش و کارانەی خوارەوە دەکات:

یەکەم: سەرپەرشتیی گشتی پەیمانگەکە دەکات.

دووەم: پلان، بۆ رێکخستنی کاروبار و، پەرەپێدانی پەیمانگەکە و، سەرپەرشتیی جێبەجێ کردنیان پێشنیاز دەکات.

سێیەم: لەسەر ئەساسی بڕوانامە و لێهاتوویی و نمرە و دەستپاکی کەمەرجی یاسایین بۆ قبوڵکردن، ژمارەی داواکراو لەو قوتابیانەی پێشکەشیان کردووە بۆ پەیمانگەکە هەڵدەبژێردرێت.

چوارەم: تاکـە تاکـەی بەرنامـەی تیـۆری و تـەتبیقی بـۆ خوێنـدن دادەنـێ و، دەرسـەکانیان دەستنیشان دەکات.

پێنجەم: وادەی دەست پێکردنـی خوێنـدن و کۆتـایی هـاتنی خوێنـدن و دەستنیـشانکردنی وەرزەکانی خوێندن و ماوەکانیان ، ماوەی پشووەکانیش دیاری دەکات.

شەشەم: رێساکانی تاقیکردنەوە، وادەکانیان ، چۆنییەتی رێکارەکان و موراقەبـەی رەوشـی تاقیکردنەوەکان دادەنێ.

حەوتەم: ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکان ئیقرار دەکات.

هەشـتەم: بـەپێی ئیحتیـاجی و بـەپێی مامناوەنـدی (معـدل) نمرەکـانی تـەواو کردنـی پەیمانگەکـە و بـەپێی ئـارەزووی قوتـابی، سـەرکەوتووەکان تەسـنیف دەکـات کەببن بە دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

نۆیەم: ڕێساکانی زەبتی (الانضباطية) بۆ قوتابیانی پەیمانگەکە دادەنێ.

دەیەم: پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانگەکە دادەنێ.

**ماددەی شەشەم:**

ئیدارەی پەیمانگەکە، بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات بەمەرجێ قازی بێت لە سنفی یەکەم، بەفەرمانی هەرێم دادەمەزرێت لەسەر ( پێشنیازی وەزیری داد دوای راگۆڕینەوە لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەریدا ) بەمەرجێ سیفەتی قازێتییەکەی بۆ بمێنێتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

بەڕێوەبەری گشتیی پەیمانگەکە ئەم ئەرك وفەرمان و کارانەی خوارەوە دەکات:

یەکەم: بەڕێوەبەردنی کاروباری زانستی و ئیداری و دارایی پەیمانگەکە.

دووەم: جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەن.

سێیەم: نواندنی پەیمانگەکە، لەبەردەم دەستە رەسمییەکان و نارەسمییەکاندا.

چوارەم: بەرزکردنەوەی راپۆرت لەبارەی رەوشی خوێندنەوە بۆ ئەنجومەنی پەیمانگە.

پێنجەم: هەر ئیشێکی دی کە ئەنجومەن دەسەڵاتی پێ بدات.

**ماددەی هەشتەم:**

یەکەم: ئەوەی لەپەیمانگە وەردەگیرێت و ئامادەکرێت بۆ قازێتی یان بۆ ئەندامی داواکاری گشتی، پێویستە ئەمانەی هەبێت:

١- پێویستە جنسییەی عێراقی بێت و شایانی تەواوەتی هەبێت.

٢- هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەخوێندن و بەنووسین بەرەوانی بزانێت.

٣- پێویستە رەوشت و ناوبانگی باش بێت و بەجینایەتی دەسەنقەستی غەیرە سیاسی یان بەجونحەی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێ و لەوەپێش لە پەیمانگە دەرنەکرابێ تەنیا مەگەر بەنەخۆشییەکی ناچاری و سەلمێنرا و بەراپۆرتی لێژنەی پزیشکیی رەسمی لەبەر هۆی ناچاری.

٤- دەبێ لەهەموو ئەو نەخۆشی و کەمئەندامییانە سەلامەت بێ کە رێگەی ئیشەکەی لێ دەگرن.

٥- دەبێ لە زانکۆیەکی عێراقی یان لە زانکۆیەکی بڕواپێکراوەوە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەدەست هێنابێ، بەمەرجێ خوێندنی تێدا رێك و پێك بێت و لە (باشە)ش کەمتر نەخەمڵێنرابێ.

٦- تەمەنی لە (٤٠) ساڵ زیاتر نەبێ.

٧- دەبێ بۆ ماوەی (٨) ساڵ بەکردار لەدەزگاکانی وەزارەتی داد، یان ئەنجومەنی دادوەری، یان دادگاکانی پەیوەست بەوان کاری کردبێ، یان بۆماوەی لانی کەم لە (٨) ساڵ کەمتر نەبێ پارێزەرایەتی کردبێ یان وەزیفەیەکی یاسایی لەدایەرەکان و بەڕێوەبەرایەتییە یاساییەکانی وەزارەت و دەزگا حکومیەکاندا

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

كردبـێ، بەمــەرجێ هــەر ســاڵەی لانــی كــەم (٥) دەعـوای گرتبـێ جـا ئـەوەی بڕوانامــەی ماجـستێری لەیاســادا هێنــابێ، دوو ســاڵی لــەو دوو ماوەیــە بــۆ دادەشــكێ ، ئەگــەر بڕوانامــەی دكتــۆرای لەیاســادا هێنــابێ (٥) ســاڵی بــۆ دادەشكێ، ئەو كاركردنەش بەر لەوەرگرتنی بڕوانامەكـــان بوو بێت، یان پاش وەرگرتنیان هیچ فەرقــی نییە.

٨- پێویسته حــیــزبــی نەبێت یان سەر بەهیچ لایـەنێكی ســـیاسی نـەبێت، ئەگـەر حیزبی بوو ئـەوا پێویسته كاتێ بۆ پەیمانگه كه پێشكەش دەكات پەیوەندی خۆی بەحیزبەوە ببچڕێنێت.

٩- پێویسته لەتاقی كردنەوەی بە نووسین و بە زارەكیدا لەو یاسایانەدا سەركەوێت كە ئەنجومەنی پەیمانگاكە بڕیاری دەدات.

١٠- پێویسته لـەو رووبـەڕوو بوونەوەیـەدا سـەركەوێت كـە ئەنجومـەنی پەیمانگاكـە لەگەڵی ئەنجامی دەدات.

دووەم: ئـەو پارێزەرانـەی لـە پەیمانگەكـە بـۆ مەبەسـتی ئامـادەكردن و شـیاندن قبـوڵ كـراون، لەحوكمەكانی بڕگەی (٧، ٨)ی (یەكەم)ی ئەم ماددەیە دەبووردرێن.

**ماددەی نۆیەم:**

ژمـارەی ئەوانـەی كـە سـالأنە وەردەگیرێـن بـۆ ئامادەكردنیـان وەك قـازی و ئەنـدامانی داواكـاری گشتی لەسەر ئەساسی پلانی ئەنجومەنی دادوەران و وەزارەتی داد دیاری دەكرێن.

**ماددەی دەیەم:**

یەكـەم: ئـەو فەرمانبــەرەی لەپــەیمانگا وەردەگیرێــت ئیجـازەی دوو ســاڵ خوێنــدن وەردەگرێـت بەمووچەی تەواو لەگەڵ دەرماڵەكانیدا.

دووەم: ئەو پارێزەرەی لەپەیمانگاكە وەردەگیرێت، دەرماڵەیەكی مانگانە وەردەگرێت بەقەدەر ئەو مووچە و دەرماڵانەی كە برادەرەكانی لەوەزیفەدا وەریدەگرن، بەپێی ساڵەكانی خزمەت و بڕوانامە.

سێیەم: هـەر كەسـێ لەبـەر هـەر هۆیـەك لەپەیمانگـە فەسـڵ بكرێ، زامن دەكـرێ بە گەڕاندنـەوەی هــەموو ئـەو مووچـە و دەرمالأنـەی كـەوەری گرتـووە، مەگـەر بـەهۆی نەخۆشـی رێگـر و سەلمێنراو بە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشكی فەرمی.

**ماددەی یازدەم:**

یەكەم: مـاوەی خوێـندن لـە پەیمانگـەدا چ بـۆ ئامادەكردنی قازی، چ بـۆ ئامـادەكردنی ئەنـدامانی داواكاری گشتی، دوو ساڵی تەقویمییە.

دووەم: بۆ هەر ماددەیەك لەماددەكانی دەرس لەپەیمانگەدا و هەر لێ تویژینەوەكیش كە قوتابیان دەبێ پێشكەشی بكەن (١٠٠ نمرە) دادەنرێت.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

سێیەم: پلەی بچووکی سەرکەوتن بۆ هەر ماددەیەك و لیَ تویَژینەوەیەك پەنجا لە سەدە (٥٠٪) بەمەرجیَ موعەددەلی گشتی بۆ هەموو مادده و لیَ تویَژینەوەکان لە شەست لەسەد (٦٠٪) کەمتر نەبێت.

چوارەم: (٦٠٪) نمرە، بۆ هەریەك لەماددەکانی مورافەعاتی مەدەنی و ئوسوولی دادگاییکردنی جەزائی تاقیکردنەوەکانی نووسین و، (٤٠٪)ی تریشی بۆ هەڵسەنگاندنی ساڵانەی قوتابی دادەنریَ.

**ماددەی دوازدەم:**

هەر کەسیَ (٢٠) سەعات لەهەر فەسڵێکی دراسی پێوار (غائب) ببیَ، لەپەیمانگە فەسڵ دەکریَ، مەگەر پێوارییەکەی بەهۆی نەخۆشییەکی ڕێگرەوە بوو بێت، بەراپۆرتی لێژنەیەکی پسپۆڕی پزیشکی سەلمێنرابێت ، یان لەبەر هۆکاری ناچاری ترکە ئەنجومەنی پەیمانگە قبوڵی کردبیَ، ئینجا دەتوانیَ ساڵەکە لەگەڵ دەورەی ئایندەدا دووبارە بکاتەوە.

**ماددەی سیازدەم:**

یەکەم: لەئەنجامی کۆتاییدا، بە(مکمل) دادەنریَ لەهەر ساڵێکی دراسیدا، هەر کەسیَ:

١- نمرەی سەرکەوتنی لەیەك ماددەدا، بۆ هەر فەسڵێکی دراسی بەدەست نەهێنابیَ، یان لەو لیَ تویَژینەوەیەدا کەدەبیَ پێشکەشی بکات، یان موعەددەلی گشتی بۆ ساڵێکی دراسی لە (٦٠٪) کەمتر بووبیَ.

٢- لەتاقیکردنەوەی کۆتاییدا (دەوری یەکەم) دواکەتبیَ بەهۆی نەخۆشییەکی ڕێگرەوە، کە بەراپۆرتی لێژنەیەکی پزیشکی فەرمی سەلما بێت و ئەنجومەنی پەیمانگەش قبوڵی کردبێت.

دووەم: (مکمل) لە موعەددەلی گشتیدا بۆی هەیە، یەك مادده یان زیاتر بۆ تاقیکردنەوە هەڵبژێریَ، بۆ ئەوەی نمرەی سەرکەوتن لە مەجموعدا بەدەست بهێنیَ.

سێیەم: مکمل لەفەسڵی دراسیدا لەماددەیەکی دیراسەی تەتبیقیدا بە نووسین لەتاقیکردنەوەی موکمیلەکان ئیمتیحان دەدات ، هەڵسەنگاندنی فەسڵیشی بۆ دەمێنێتەوە.

**ماددەی چواردەم:**

لەتاقیکردنەوەی کۆتاییدا، بەدەرنەچوو دادەنریَ هەر کەسیَ:

یەکەم: نمرەی سەرکەوتنی لەیەك مادده زیاتردا، یان لەماددەیەك و لیَ تویَژینەوەی دەوری یەکەمدا بەدەست نەهێنا، یان لەیەکێکیاندا و موعەددەلی گشتی.

دووەم: مکمل بووبیَ ، نمرەی سەرکەوتنی لەتاقیکردنەوەکانی موکمیلاندا بەدەست نەهێنابیَ، یان لەبەر هەر هۆیەك بەشداریی تێدا نەکردبیَ.

**ماددەی پازدەم:**

هەر کەسیَ لەهەر ماددەیەك لەو ماددانەی تاقیکردنەوەی تێدا دەکات گزی بکات، یان لەساڵی یەکەمدا سەرنەکەوتبیَ لەپەیمانگە فەسڵ دەکریَ، بەلاَم ئەوەی لەساڵی دووەمدا سەرنەکەوێ

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

ئــەوە دەتــوانیٚ بــۆ تــەنیا یــەك جـار بـەو سـاڵە دابـچێتەوە لەگـەڵ دەوری دووەمـدا، مەگـەر دەرنەچوونەکەی بەهۆی گزییەوە بوو بێت.

**ماددەی شازدەم:**

دەرچوانی پەیمانگەکە دەکرێن بەم دوو پلەیەی خوارەوە:

یەکـەم: پلـەی (أ): هـەموو ئەوانـە دەگرێتـەوە کـە موعـەددەلی هـەموو ماددەکانیـان و لـیٚ توێژینەوەکەیان بۆ هەردوو ساڵەکە لە(٨٠٪) کەمتر نییە ، یەك ساڵیشی پیٚ دەدریٚ بۆ مەبەستی زیادە و تەرفیع.

دووەم: پلـەی (ب): هـەموو ئەوانـە دەگرێتـەوە کـە موعـەددەلی هـەموو ماددەکانیـان ولـیٚ توێژینەوەکـەیان دەکاتـە (٧٠٪) حـەفتا لەسـەد و تـا (٧٩٪) حـەفتا و نـۆ لەسـەد بـۆ هـەردوو سـاڵەکە، مـاوەی (٦) شـەش مانگیـشیان بـۆ مەبەسـتی زیـادە و تـەرفیع پێدەدرێت.

**ماددەی حەڤدەم:**

سـەرکەوتووەکان لـەکۆتایی سـاڵی دووەمـدا تەسـنیف دەکـرێن بـۆ قـازی و ئەنـدامانی ئیـدیعای گشتی بەپێی پێداویست و بەپێی نمرە و ئارەزوو.

**ماددەی هەژدەم:**

دەرچـووی پەیمانگـە بـەپێی فـەرمانی (مرسـوم) هـەرێم دادەمـەزریٚ، لەمەنسـەبی قـازی سـنفی چـوارەم ئەگـەر بـۆ قـازێتی شـیاو کرابـوو، یـان بـە وەزیفـەی جێگـری داواکـارە گـشتی لەسـنفی چوارەم دادەمەزریٚ ئەگەر بۆ ئەم وەزیفەیە شـایـان کرابوو، ئەوەش بە مووچە و سنف و ئەو پلەیەی کەبەپێی بڕوانامەکە و خزمەت و ئیش و ئەو (قدم)ەی کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێی دەدریٚ. ماوەی خوێندن لە پەیمانگەکەدا بە مومارەسە دادەنرێت بۆ مەبەستی دامەزراندن و دیاریکردنی مووچە بۆ کەسێك کە خاوەن وەزیفە نەبێت.

**ماددەی نۆزدەم:**

کەسـیٚ ئـەم پەیمانگەیـە تـەواو بکـات بڕوانامـەی (دبلـۆمی بـەرز)ی لـە زانسـتەکانی دادوەریـدا پێدەدریٚ کـە دان بـەوەدا دەنیٚ کە پێداویـستیەکانی خوێنـدنی پەیمانگەکـەی تـەواو کـردووە و تەقدیرەکەشی تێدایە و ئامارژەش بە زنجیرەی دەرچوونەکەشی دەکات.

**ماددەی بیستەم:**

هیچ قازییەك یان جێگرێکی داواکاری گشتی دانامەزریٚ، دوای دەرچوونی ئەم یاسایە، مەگەر لەپەیمانگـەی بـەرزی قازییـەکان دەرچـوو بـیٚ، یـان لەهـەر پەیمانگەیـەکی قـەزائیی هاوشـانیدا لەعێراق دەرچوو بیٚ.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

بـەدەر لـە حـوکمی مـاددەی بیـستەم لـەم یاسـایە، دامەزرانـدنی قازییـەکان و ئەنـدامانی داواکـاری گشتی، بـەپێی حوکمـەکانی یاسـای دەسـەلآتی دادوەریـی بـەرکار لەهـەرێمی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە ماڵپەڕی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

کوردستان- عێراقدا دەبێت، تا تەواوکردنی دەورەی یەکەمی پەیمانگەی دادوەری کە بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە.

**ماددەی بیست و دووەم:**

وەزیری داد بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران، لایەنە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا پێچەوانە بێت.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان )ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**مـــسعود بارزانـــــی**

**سەرۆکـــی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**٢٧/ جۆزەردان/ ٢٧٠٩ ی کوردی**

**٢٤/ جمادی الثانی / ١٤٣٠ ی کۆچی**

**١٧/حوزەیران / ٢٠٠٩ ی زایینی**

## هۆکاری دانانی ئەم یاسایە

لەبەرئەو پەرەسەندن و پێشکەوتنەی لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق، لەبواری بەکارهێنان و دامەزراندنی دەزگا دەستوورییەکاندا روویداوە ، لەبەر ئەوەش کە یاسای دەسەلاتی قەزاوەت ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ دەرچووە، کە لەحەقیقەتدا بەهەنگاوێکی نەوعی گەورە دادەنرێت لەرەوتی سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەری لەهەرێمەدا ، بۆ پەیداکردنی هاوگونجان لەگەڵ ئەو پەرەسەندن و پێشکەوتنەدا بۆ بەهێزکردنی ئەو رەوشەو لەپێناوی پەیداکردنی کادێرێکی زۆری خاوەن عیلم و زانست و پیشە بۆ ئەو دەزگایانە، وەك قازی و ئەندامانی داواکاری گشتی کە بتوانن ئیشی سەرشانی خۆیان بە لێزانی و توانایی و لێهاتوویی ببەنە سەر، بۆ پێشخستن و بەرەوپێش بردنی کەفائەتی ئەو قازی و ئەندامانی ئیددیعای گشتییەکە هێشتا لەخزمەتدا کاردەکەن و لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و یاسایی ئەو کارمەندانەی کە لەو دەزگا قەزاییانەدا کاردەکەن و لەو دەزگا عەدلییانەدا تێدەکۆشن ، لەپێناوی بەرزکردنەوەی کەفائەت و لێهاتوویاندا، بۆ ئەوەی بتوانن پۆستی جۆربەجۆرەکانی دادوەری وەربگرن ، لەپێناوی پەرەپێدان و پێشخستنی ئاستی یاسایی ئەو کارمەندانەی لەدەزگا فەرمییەکان و نیمچە فەرمیەکاندا لەهەرێمدا کاردەکەن وبەرزکردنەوەی ئەوای پارێزەرانیش بە بەدیهێنانی هەموو ئەو ئەمانجانەدا، ئەم یاسایە دانرا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ١٧ ) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای ژمارە ( ٨ ) ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٩**

بە پێی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٩) لە ٢٠٠٩/٦/١٦ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٩
## یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان-عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٩

**ماددەی یەکەم:**

بۆ خەرجییەکانی ساڵی دارایی ٢٠٠٩ گوژمەی (٨,٨٥٧,٢٦٣) تەنها هەشت ترلیۆن و هەشت سەد و پەنجا و حەوت ملیار و دووسەد و شەست و سێ ملیۆن دینار دادەنرێ و بەم جۆرە دابەش دەکرێ:

یەکەم: گوژمەی (٢,٣٠٣,٣٣٨) تەنها دوو ترلیۆن و سێ سەد و سێ ملیار و سێ سەد و سی و هەشت ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی پڕۆژە سەرمایە داراییەکان.

دووەم: گوژمەی (٦,٥٥٣,٩٢٥) تەنها شەش ترلیۆن و پێنج سەد و پەنجا و سێ ملیار و نۆ سەد و بیست و پێنج ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی بەکارخست.

**ماددەی دووەم:**

داهاتەکانی بودجەی ساڵی دارایی ٢٠٠٩، لە سەرجەم خەرجییەکانی بودجەی فیدراڵی بە (٨,٨٥٧,٢٦٣) تەنها هەشت ترلیۆن وهەشت سەد و پەنجا و حەوت ملیار و دوو سەد و شەست و سێ ملیۆن دینار دەخەملێندرێ.

**ماددەی سێیەم:**

ئەگەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کورتی هێنا، دەسەلاّت بە وەزیری دارایی دەدرێ بەهەمان ئەو ڕێژەیەی کە کورتی هێناوە گوژمەی سەرجەمی بودجە کەم بکاتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

خەرجکردن لەپشتیوانەی حیسابّاتە سەرەکییەکان (( بەخشین، باربوو (اعانات)، خەرجییەکانی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

پـڕۆژە سـەرمایەداراییەکان )) لەبودجـەی گـشتی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بەدەسـت وەزارەتـی داراییـەوە دەبـێ و وەزیـری دارایـی بـۆی هەیـە دەسـەڵات بـە وەزیـر و سـەرۆکی ئـەو لایەنانە بدات کە بەوەزارەتەوە پەیوەست نین راستەوخۆ خەرج لەسەر هەندێ ئاستی سـەرەکی ژمێریاری بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

١- وەزارەتی دارایی حکومەتی هـەرێمی کوردستان ـ عێراق، پارەی حیساباتی وەزارەتـەکان و فەرمانگەکان بەپێی ئەو داهاتە داراییەی بەردەست دابین دەکات.

٢- داهاتی شارەوانییەکان دەخرێتە سەر بودجەی تایبـەتییان وەزارەتـی دارایـی چاودێری ئـەم داهاتانە و چۆنیەتی خەرج کردنیان دەکات.

**ماددەی شەشەم:**

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان-عێراق بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەت بە پەرلـەمان بکات.

**ماددەی حەوتەم:**

سـەرۆکی ئەنجومـەنی دادوەریـی بـۆی هەیـە گوێزانـەوە لـەناو بودجـەی تایبـەت بـە ئەنجومـەنی دادوەری بکات.

**ماددەی هەشتەم:**

یەکـەم: دەسـەڵات بـەوەزیری دارایـی دەدرێـت گوێزانـەوە لـەنێوان پـارە تـەرخانکراوەکانی یـەك دەروازەدا بکات، جگـە لـە بەشـی مووچـەکان کـە دەشـێ بـۆی بگوازرێتـەوە و نـابێ لێـی بگوێزرێتەوە.

دووەم: وەزیری دارایی بۆی هەیە گوێزانەوە لەنێو پشتیوانەی دەروازەکانی بودجـەدا بکات بـۆ مەبەستی دابین کردنی توانای خەرج کردنی ئەو فەرمانگانـەی کـەبڕیاری لێـك ترازنیـان لەوەزارەتێك و پەیوەست کردنیان بەوەزارەتێکی تر دەدرێ و وەزیـری پسپۆڕیش بـۆی هەیە گوێزانەوە لەچوارچێوەی یەك بەش و یەك یەکەی خەرج کردندا بکات.

سێیەم: ناشێ گوێزانەوە لەنێو تەرخان کراوەکانی گەشەسەندنی نێوان پارێزگاکاندا بکرێ.

**ماددەی نۆیەم:**

وەزارەت و فەرمانگەکانی دەوڵەت هەموو حیساباتی مانگانـەیان (( بودجـەی پێداچوونـە-مـوازین المراجعة)) لەماوەیەك پێشکەش بەوەزارەتی دارایی ـ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریای دەکەن کە لـە (١٠) رۆژ لەدوای کۆتایی هەر مانگێك تێپەڕ نەکات.

**ماددەی دەیەم:**

دەسـەڵات بـەوەزیری دارایـی دەدرێـت پـارەی تـەرخان کـراوی گـشتی پەسـندکراو کـە لەبودجـەی سـاڵی دارایـی ٢٠٠٩ دا بەڕێـژەی (١٪) بخاتـە سـەر پـارەی تـەرخانکراوی گـشتی پەسـندکراوی بودجە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

یەکەم: تەرخان کردنی گوژمە پارەی پێویست بۆ بودجەکانی فەرمانگە لەنوێ دامەزراوەکان لەماوەی ساڵی دارایی/ ٢٠٠٩ دا.

دووەم: تـەرخان کـراوی نـوێ بخاتـە سـەر بودجـەی وەزارەت و فەرمانگـەکان بـۆ حاڵەتـە ناکاوییەکان کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی یازدەم:**

وەزارەتـی دارایـی بەهەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتـەکانی دیکـەدا وردەکـاری میلاکـەکانی هـەموو وەزارەتـەکانی هـەرێمی کوردسـتان- عێـراق بـۆ سـاڵی دارایـی ٢٠٠٩ رێـك دەخـات و پەسـندی دەکات لەبەر رۆشنایی پارەی تێچووی مووچەکان کە لەبودجەدا پەسندکراون و لەسەر وەزارەتی داراییشە بەهەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتـی پلانـدانان پێش کۆتـایی هـاتن بە سـاڵی دارایـی ٢٠٠٩ راپۆرتێکی دوورودرێژ لەسەر ئەمە پێشکەش بە پەرلەمان بکات.

**ماددەی دوازدەم:**

هـیچ لایـەنێکی حکومی بەسـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانـەوەش بـۆی نییـە پـڕۆژەی تایبـەتی لەبودجەی خۆیدا جێبەجێ بکات.

**ماددەی سیازدەم:**

یەکەم: وەزیری پەیوەندیدار دەسەڵاتی خەرج کردنی گوژمەیەکی هەیە کە لـە (٢٥٠) دوو سـەد وپەنجا ملیۆن دینـار زیاتر نـەبێ بۆ هـەر حاڵـەتێك و بـۆی هەیـە دەسـەڵات بەسـەرۆکی ئەو فەرمانگانە بدات کەسـەر بەوەزارەتەکەیـەتی گوژمەیـەك خـەرج بکـەن کـە لـە (١٠٠) سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێ.

دووەم: سـەرۆکی ئـەو فەرمانگانـەی کەبەوەزارەتـەوە نـەلکاون، دەسـەڵاتی خـەرج کردنـی گوژمەیەکیان هەیە کە لە (١٥٠) سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵـەتێك لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە:

١- خـەرج کـردن بـەپێی پـشتیوانی پەسـندکراو لەبودجـەی سـاڵانە و بـۆ ئـەو مەبەستانەی بۆی دیاری کراوە دەبێ.

٢- خۆبەستنەوە بەو پشتیوانە تەرخانکراوانەی بودجە و نەچوونە نـاو هـیچ ئیلتیزامێك بەخەرج کردن لەوەی زیاتر بێ کە لە بودجە تەرخان کراوە.

**ماددەی چواردەم:**

وەزیری دارایی بۆی هەیە تەرخانکراوی پارەی داهـاتی مانگانـە، ئـەوەی وەزارەتـی تەندروسـتی بۆ هەموو فەرمانگەکانی وەدی دەهێنێ بخاتە سەر بودجەی وەزارەتی تەندروستی بۆ مەبەستی کڕینی داودەرمان وهەڵسوڕانی خەرجییەکانی چاکردنەوە بەهەموو جۆرەکانییەوە و بەگوێرەی داخوازی وەزارەتی تەندروستی، خشتەی داهاتە وەدەستهاتووە فیعلییەکانیشی لەگەڵ بدات.

**ماددەی پازدەم:**

پارەی پێبەخشین (تبرعات) بەوەزارەت و لایەنە نەلکاوەکان بەوەزارەت پاش پەسندکردنی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

لەلایەن وەزیری داراییەوە بەداهاتی کۆتایی بۆ خەزینە تۆمار دەکریّ، بەمەرجیّ وەزیری دارایی لەپشتیوانەی وەزارەت یا لایەنی نەلکاو بە وەزارەت بۆ خەرج کردن لەسەر ئەو مەبەستانەی کە لەپێناویدا بەخشێنراوە تەرخانی بکات.

**ماددەی شازدەم:**

دامەزراندن بەهەموو گرێبەستێك رادەگیریّ مەگەر بەرەزامەندی وەزیری دارایی بیّ.

**ماددەی حەڤدەم:**

پاداشتی فەرمانبەران سالآنە بۆ تەنها کەسێك و لەچوارچێوەی تەرخان کراوە بڕیار لێدراوەکانی بودجەی تایبەت لەسیّ ملیۆن دینار تێناپەڕێت و بەپێی ئەو رێنمایانە دەبیّ کە وەزارەتی دارایی دەریان دەکات.

**ماددەی هەژدەم:**

پاش جێبەجیّ کردنی ئەم یاسایە ئەگەر سەرۆکی فەرمانگەی یەکەی خەرج کردن لەپێشکەش کردنی ژمێریاری کۆتایی (الحسابات الختامیە) بۆ سالّی/٢٠٠٩ دوا کەوت بەپێی رێکارە یاسایی و رێنماییە جێبەجیّ کراوەکان رەوانەی لێکۆڵینەوە دەکریّ.

**ماددەی نۆزدەم:**

ئەو کۆمپانیایانەی کە گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم و دامودەزگاکانی لەسەر پڕۆژەکانی بەرنامەی وەبەرهێنان (المنهاج الاستثماري) مۆر کردووە لەهەموو ئەو باج و ڕەسمانە بە رەسمی پوولیشەوە دەبوردرێن کە لەهەرێم لەئەنجامی ئەو کارانە و لەچوارچێوەی گرێبەستەکە کەوتۆتە سەریان.

**ماددەی بیستەم:**

کەمکردنەوەی تەرخان کراوی سوودە کۆمەلآیەتییەکانی بە ڕێژەی لەسەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران(٢٠٪).

**ماددەی بیست و یەکەم:**

وەزارەتی دارایی لەدابین کردنی پێشینەی (سلفة) خانووبەرە بۆ هاوولآتیان بەپێی مەرج و رێنماییەکان بەردەوام دەبیّ.

**ماددەی بیست و دووەم:**

کار بەهیچ بڕیارێك ناکریّ پێچەوانەی ئەم یاسایە بیّ و خەزینەش هیچ گرانییەکی دارایی ئەم بڕیارە لەئەستۆ ناگریّ هەتا شەرعیەتی یاسایی وەرنەگریّ و پەرلەمان پەسندی نەکات.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

دەبیّ وەزارەتی داراییە راپۆرتی خولەکی (دوری) هەر شەش مانگ جارێك لەسەر بارودۆخی دارایی هەرێم پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان–عێراق بکات.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

پێویسته لەسەر وەزیری دارایی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە و لە ٢٠٠٩/١/١)ەوە جێبەجێ دەکرێ.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
١٤ / پوشپەڕ / ٢٧٠٩ ی کوردی
١٢ / رەجەب/ ١٤٣٠ ی کۆچی
٥ / تەمموز / ٢٠٠٩ی زایینی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

هەرێمی كوردستانی عێراق
سەرۆكایەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە

بڕیار

ژمـــارە ( ١٥ ) ساڵی ٢٠٠٩

یاســـای ژمـــارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٩

یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای پەسندكردنی دەستوری هەرێمی كوردستان

ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی پەرلەمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٠) لە ٢٠٠٩/٦/٢٢ بریارماندا بە دەركردنی:

## یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٩
## یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای پەسندكردنی دەستوری هەرێمی كوردستان
## ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨

**ماددەی یەكەم:**

ماددەی شەشەم لەیاساكەدا هەموار دەكرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەكەم: پڕۆژەی دەستوور دەخرێتە بەر راپرسی گشتی و دوای پەسندكردنی لە پەرلەمان لایەنی كەم بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانیەوە.

دووەم: پرۆسەی راپرسی گشتی لەسەر پڕۆژەی دەستوور لە رۆژی شەممە رێكەوتی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئەنجام دەدرێت بە دەنگدانێكی نهێنی راستەوخۆ و سەرتاسەری.

سێیەم: راپرسی بە رادەربڕین دەبێ لەسەر ئەم پرسیارەی خوارەوە:

{ ئایا تۆ رەزامەندیت لەسەر پڕۆژەی دەستوورەكە ؟ وەڵامەكەشی بە (بەڵێ) یان (نەخێر) دەبێت }.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی حەوتەم هەموار دەكرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ژمارەیەكی بەرچاو لە پرۆژەی دەستوری پەسندكراو لە پەرلەمان بە زمانەكانی (كوردی، عەرەبی، توركمانی و سریانی)چاپ دەكرێ بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەستی گەل لە ڕاپرسیەكی گشتی دا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

**ماددەی سێیەم:**


WWW.MOJKURDISTAN.COM

بڕگەی دووەم لـە ماددەی هەشتەم هـەمواردەکرێت بـە زیادکردنی ئەم دەربڕینـەی خـوارەوە لـە کۆتایی بڕگەکەدا:

(بۆی هەیە سەبارەت بەوە پەیرەوی پێویست بەپێی ئەم یاسایە دەربکات)

**ماددەی چوارەم:**

